ئەگەر لێوارەکانی خۆر دەرچوو؛ نوێژ مەکەن هەتاوەکو خۆر دیار دەبێت، وئەگەر لێوارەکانی خۆر ئاوا بوو؛ نوێژ مەکەن هەتاوەکو (بە تەواوی) ئاوا دەبیت، ونوێژ مەکەن لە کاتی خۆر هەڵاتن یان خۆر ئاوا بووندا، چونکە لە نێوان دوو قۆچی شەیتان دەردەچێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر لێوارەکانی خۆر دەرچوو؛ نوێژ مەکەن هەتاوەکو خۆر دیار دەبێت، وئەگەر لێوارەکانی خۆر ئاوا بوو؛ نوێژ مەکەن هەتاوەکو (بە تەواوی) ئاوا دەبیت، ونوێژ مەکەن لە کاتی خۆر هەڵاتن یان خۆر ئاوا بووندا، چونکە لە نێوان دوو قۆچی شەیتان دەردەچێت، یان (لە نێوان) شەیتان (دەردەچێت)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانمان پێدەکات ئەگەر لێوارێکی خۆر دەرچوو کە لە سەرەتای خۆر دەرچوونەوە دەردەکەوێت ئەوا دەبێت واز لە نوێژکردن بهێنین هەتاوەکو خۆر بە تەواوی دەردەچێت وبەرز دەبێتەوە ولە ئاسمان دیار دەبێت، ئەمیش نزیکەی پانزە خولەک دەکات لە پاش خۆرهەڵاتن، وئەگەر لێواری خۆر بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت ئەوا دەبێت واز لە نوێژکردن بهێنین هەتاوەکو خۆر بە تەواوی ئاوا دەبێت، وهەورەها نەهی کردووە لەوەی نوێژ بکەین کاتێک خۆر دەردەچێت یان کاتێک خۆر ئاوا دەبێت بە شێوەیەکی گشتی، وهۆکاری ئەم نەهی کردنەیش ئەوەیە چونکە خۆر لە نێوان قۆچەکانی شەیتان دەردەچێت وئاوا دەبێت، چونکە شەیتان دەوەستێت وڕوو لە خۆر دەکات کاتێک دەردەچێت وئاوا دەبێت؛ بۆیە لە نێوان قۆچەکانیەوە دەردەچێت ودەبێتە قیبلە بۆ ئەوانەی خۆر دەپەرستن، وهەروەها لە کاتی خۆر ئاوا بوونیشدا، لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە نوێژکردن لەو کاتانەدا بۆئەوەی مسوڵمان خۆی نەچوێنێت بە خۆر وشەیتان پەرستەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10562